# رەوشتی ڕێگەوبان



ئارام گوتی: کاتێک گوێم لە رادیۆ گرت، سیروان و کارۆخ لەبەرنامەی منداڵاندا وتوێژیان لەگەڵ یەکدی دەکرد، لەسەر رەوشتی ڕێگاوبان.

سیروان دەستی بە ئاخافتن کردو گوتی:

کۆمەڵگەو ڕێگەوبان، خووڕەوشت و یاسای تایبەتی بە خۆی هەیە، ئەگەر جەماوەر پێڕەویان بکات، لە مەترسییەکانی ڕێگەوبان دوور دەکەونەوەو دەحەوێنەوە، بۆیە پێویستە هەموو ئادەمیزادێک یاساو رەوشتەکانی ڕێگەوبان بزانێت و رێزیان لێبگرێت و جێبەجێیان بکات.

کارۆخ هەڵیدایێ و گوتی: ئەو خوو رەوشت و یاسایانە چین؟

سیروان گوتی: ئەو خوو رەوشت و یاسایانە ئەوەیە کە مرۆڤ لەکاتی رۆیشتن، نە پەلە بکات و نە زۆر بەهێواشی بڕوات.

لەسەر شۆستەوە رێ بکات و نابێت لەم رۆیشتنەی خۆی بە خوێندنەوەی گۆڤارو رۆژنامەوە خەریک بکات، نابێت لە چەقی ڕێگا لەگەڵ هاوڕێکانی رابوەستێت و گفتوگۆ بکات و ڕێگە لە هاتووچۆکەران بگرێت.

# دادپەروەریی



رۆژێ لە رۆژان کرێکارێک خەریکی بنیاتنانی باڵاخانەیەکی بەرزبوو، بەهۆی ماندوبوون لەسەرەوە کەوتە خوارەوەو کەوتە سەر پیاوێک، کە بەرێگای ژێر باڵاخانەکەدا رەتدەبوو، لە ئەنجامدا پیاوەکە گیانی لە دەستداو، کرێکارەکەش بە سەلامەتی رزگاری بوو...

باوکی کوژراوەکە چووە لای دادوەری شارو داوای کرد تۆڵەی لە کرێکارەکە بکرێتەوەو، مکوڕبوو لەسەر لە سێدارەدانی.

دادوەری شار کە زۆر بە دادوەری دەناسرا، لەسەر داواکاری باوکی کوژراوەکە رازی بوو بە بژاردنی پارە بۆ خوێنی قوربانییەکە، سەبارەت بە کوشتنی کرێکارەکەش گوتی: دەبێ کوشتنی کرێکارەکە بە هەمان شێوەی کوژرانی کوڕەکەت بێت، بۆیە دەبێ کرێکارەکەش لەژێر بینایەکە رابووەستێ و تۆش خۆت فڕێ بدەیتە سەری.. باوکی کوژراوەکە کە ئەمەی بیست هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو یەکسەر رۆیشت و وازی لەم داواکارییە هێنا.

## واتای وشەکان

| وشە | | واتا |
|---|---|---|
| باڵەخانە | : | تەلار |
| گیان لەدەستدان | : | مردن |
| مکوڕبوون | : | پێ داگرتن |
| بژاردن | : | لەجیاتی دان |

## ڕاهێنان

کرێکار    کرێکارەکە

ئەم وشانەی خوارەوە وەک نموونەی سەرەوە لێ بکە.

١. پەڕتووک

٢. دادەوەر

٣. بەرخ

٤. کۆمپیوتەر

## چالاکی

مامۆستای بەڕێز لەسەر ئەم دەستەواژەیە بدوێ

(تۆڵەکردنەوە یان لێبووردن باشترە)

